# ئالأ

عەلی مەحمود

ئالأ سەربارى ئەوەى ئارمى نەتەوەيە ,هاوكات ناوى جنسى لەتيفيشە , هەنێك جار دەربڕى ناوى جوانترين كچ و هەندێك كاتى كەش ناشرينترينييانە , لەمەيا ژنانى كورد سەربەرزن بەوەى ناوى ئارمى نەتەوەو نيشتمان بە قسمەت و نسيبييان بووە , ئەگەر ئيسلامييەكان گرنگييان بە نيشتمان و نەتەوە بدايە , چل يەكى ناسيۆنالستەكان تەقديسييان بكردايە بێگومان داواى ئەوەيان دەكرد دەبێت ئالأ ناوى نێرينە بێت , ئەوەى لەم بڕيارە دەرچوايا فتوا بارانييان دەكرد , چۆن نێرينەكان ناوى هەموو پێغەمبەران و ئەسحابەو بەندەكانى پەروەردگارييان داگير كرد و هيچييان بۆ ژنان نەهێشتەوە , تەنانەت نيوەى ميراتيشييان بۆ نەمايەوە لە ناوە پيرۆزەكان , ئەوا ئالأش بەو دەردە دەڕۆيى .

ئالأ بۆ هەموو نەتەوەيەك سيماى شكۆيى و سەروەرييە , بەلأم قەت نەيتوانييوە سكى برسييەكى نەتەوە تێر بكات , ئالأى مۆزەمبيق لە ئالأى سويد زۆر جوانتر و بە هەيبەت ترە , بەلأم حالّى سكى مۆزەمبيقييەكان خۆشە. ئالأى سريلانكاش دەبينيت ترس دات دەگرێت , كەچى بەدەست پلّنگەكانى تاميلەوە بوونە بە سينەما . بە ئالأش بوايا دەبوايە تايوان پۆزى بەسەر چينا لێدايا , بەلأم مس لەبان سەرييان بتوێنيتەوەچين دەرەچێت .

لە هەموو وولأتان ئالأى سەرسنورەكان گەورەترينە و لە بەرزترين پنتى سەر سنورەكان لە سەر ڕێگاو بانى گشتييەكانى دەرەوە بە ئاسمانى وولأتا دەشەكێتەوە , بۆ ئەوەى هەر كەسێك پىێ دەنێتە ناو خاكى نيشتمانەوە هەيبەتى ئالأ كە هەيبەتى نيشتمانە ببينێت ! !, بەلأم سەد داخ و مخابن ئالأى كوردستان لە ئيبراهيم خەليل كە چاوت پێى دەكەوێت پڕ قوڕگت لە گرييان دەبێت , بچوك بچوك , ژاكاو دەلّيى ئالأى ولاتێكە تازە تسۆنامى وێرانى كردووە , تا لێى نزيك نەبيتەوە هەست بە بوونى ناكەيت , نزم نزم لە پەنايەك شاردراوەتەوە نەك هەلّدرابێت , تا نەڕمێيت بە سەريا نايبينيت .

كەچى ئەو ئالأيەى لە هەولێر و كەركوك بينييم لە لايەن پارتى دەسەلأتدارى ئيبراهيم خەليلەوە , ئەوەى سەر سنور بە هێلكەشى ناشێت نەك بەچكە , لە جيهاندا وولأتێك نابينم ئالأى سەر سنورى وا كزو لاواز و بچوك و شاراوەو كۆن بێت , بە تايبەت ئالأى سەر سنورى ولأتێكى دوژمنى هەڕەشەكەرى وەك توركياش , ئالأكان لە سەر سنورەكان لە جياتى گەل دەجەنگن , ديارە كورديش بەرامبەر توركيا ئەوەندە لە بارييەتى .

هەندێك لايەن دلّييان بەوە خۆشە ئەو ئالأى عێراقەى هەلّييان داوە , بە ئاسمانى هەرێمەكەيانەوە دەشەكێتەوە , ئالأى هەلّەبجەو ئەنفال نييە , چونكە ئەلآهو ئەكبەرەكەى تێدا نييە . ئەرێ گەلۆ پرسيارێك خۆ مێژووى ئەلآهو ئەكبەرەكە هەموومان لە يادمانە 2سالێ بە دواى ئەنفال و هەلّەبجە سەر ئالأى نەخشاند . سەدام كە لە كوێت لێى توند كرا بۆ ئەوەى سەرنجى وولأتە ئيسلامييەكان ڕاكێشێت و بيروڕاى گشتى هەلّخەلّەتێنێت هاناى بۆ ئەو ئەلآهو ئەكبەرە برد , بەشێك بوو لەو حەملەى ئيمانييەى كە تورابى پێى موعجيب بوو . كە ئالأ نوێكە نەخشێنرا , نە بۆنى گازى كيمياوى مابوو , نە هەناسەى ئەنفالكراوەكان , نە دەنگى بارزانى و نە شوێنەوارى فەيلى و نە 4500 لادێ و نە قەلأدزێ و نە و نەو .... . تەواوى كارەساتەكانمان لە ژێر ئەو ئالأيە ئەنجام درا كە ئەلآهو ئەكبەرەكەى تێدا نەبوو .

سەنگەسەر لە ژیانی ئاڵای عێراقی تێدا هەڵنەدراوە, بەڵام ئێستا بەسەرییەوە دەشەکێتەوە , نەسرو باریکە ئەو ئاڵایە سەری کەس و کاریانی خوارد , ئێستا ڕۆژانە ئازارییان دەدا , قەڵای شێروانە قەڵای مێران بووە لە مێژووی خۆیدا , بەڵام ئێستا بۆتە قەڵای ئاڵای ئەنفال و کیمیاباران , بۆ هەرشوێنێك دەڕۆین هەر ئاڵاکەی ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆسایدە , دەڵێی خەباتی لە سەدەی ڕابردووی کورد هەمووی لە پێناو ئەو ئاڵایە بووە.